**شۆرش قادر (سكرتێری كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد- سوید):**

# كەركووك دەوڵەمەنترین شاری جیهانەو لەناو بازاڕدا ئاوەڕۆ بەسەر شەقامەكاندا ڕێدەكات

**ئا: ئاسۆ**




كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە سوێد كۆمەڵەیەكی چالاك و سەربەخۆیە، ئەم كۆمەڵەیە نزیك بە 1500 ئەندامی هەیە كە خەڵكی هەرچوار پارچەكەی كوردستانن، لەساڵی 2005 وەفدێكی كۆمەڵەكە لەگەڵ شاندێكی خوێندكارانی سۆسیال دیموكراتی سوێد سەردانی كوردستانیان كردو بڕیاری دروستكردنی سەنتەرێكی گەنجانیان دا لەشاری كەركوك بەناوی بابەگوڕگوڕ بۆ خزمەتكردنی لاوانی ئەو شارە ئەمساڵیش ئەم وەفدە بەهاوبەشی لەگەڵ خوێندكارانی سۆسیال دیموكرات بەمەبەستی جێبەجێ كردنی پرۆژەكە سەردانی كوردستانیان كرد بۆ ئاگاداربوون لەچۆنێتی پرۆژەكەو كارو چالاكی ئەم كۆمەڵەیە لەوڵاتی سوێد ئەم دیدارەمان سازدا لەگەڵ بەڕێز (شۆرش قادر دانسان) سكرتێری كۆمەڵەكە.

پ: لەساڵی پاردا بەهاوكاریی وەفدێك لە خوێندكارانی سۆسیال دیموكرات لەوڵاتی سوێد گەڕانەوە بۆ كوردستان و ڕاتانگەیاند دەتانەوێت سەنتەرێكی گەنجان بۆشاری كەركوك دروست بكەن دەكرێت بپرسین دروستكردنی ئەم سەنتەرە بەكوێ گەیشتووە؟

شۆرش قادر: ئەمساڵ بۆ جاری دووەم سەردانی كوردستانم كردەوە لەگەڵ وەفدێكی سۆسیال دیموكراتدا، لەم سەردانەدا لیژنەیەكی (11) كەسیمان دروست كرد بۆ ڕاپەڕاندنی كاروباری سەنتەرەكە كە پێكهاتووە لەشەش كچ و پێنج كوڕ كە هەموومان ئەندامی كۆمەڵەی خوێندكارانن. شەشیان كوردن و یەكێك سریان و یەكێك كلدان و دوو كەسی تر توركمان و ئەویتر عەرەب.

خانوویێكمان گرتووە بۆ سەنتەرەكە لەگەڕەكی شۆڕجە، هەروەها بڕیارە دەورەیان بۆ بكرێتەوە لەپالمێ سەنتەر لەهەولێر بۆ چۆنێتی بەڕێوەبردنی كاروباری سەنتەرەكە.

پ: سۆسیال دیموكرات مێژوویەكی دوورو درێژیی هەیە لە سۆلێدارێتی لەجیهانی سێ و ئەفریكاو وڵاتانی تازە گەشەكردووە، ئایا ئەم هاوكارییەی ئەوان دەچێتە هەمان چوار چێوەوەیان لەسەر پێشنیاری ئێوە بووە؟

شۆرش قادر: كوردستان وڵاتێكی دەوڵەمەندە و ناتوانرێ بەراورد بكرێ لەگەڵ ئەفریكادا، هەروەها سۆسیال دیموكرات دەیەوێ پەیوەندیی نێوان كوردو سۆسیال دیموكرات توندوتۆڵ بكات بەتایبەتی ئێستا كە كورد دەسەلاتی هەیە لەعێراق و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.

بۆئەوەی ئەو دیموكراتییەی لەسوێد هەیە لە كوردستانیش بچەسپێ، ئەمەش هەمووی پێشنیاری كۆمەڵەی خوێندكاران بوو لەسوێد، ئەوانیش پێیان قبوڵ بوو چونكە خۆیان حیزبێكی سۆلیدارێتین.

پ: بۆچی شاری (كەركووك) تان هەڵبژارد كە ئەم سەنتەرەی تێدابكەنەوە؟

**شۆڕش قادر: چونکە کەرکوك دەستی هاوکاریی و خزمەتگوزاریی کەم پێگەیشتووە و لەم جۆرە سەنتەرەی تێدانەبووە، بۆئەوەی گەنجی تیادا کۆببێتەوە و دەورەی هۆشیارییان بۆ بکرێتەوە وەك فێربوونی کۆمپیوتەر و زمان و هۆشیاریی دیموکراتی یەکسانی، هەروەها کەرکوك شارێکی فرە ڕەگەزە.**

**پ: ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان هاورکاتان بووە بۆ پرۆژەکانتان ؟**

**شۆڕش قادر: بەڵێ زۆربەی مەسرەفی سەردانی یەکەممان حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی ئەوکات کردی، هەروەها کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان و مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکان بەتایبەتی کاك مەلا بەختیار زۆر یارمەتییان داوین لە دانانی بەرنامەو سەردانی هەموو دامودەزگا ڕەسمی و حکومییەکان و رێکخراوەکانی کوردستان. هەروەها ئەنجوومەنی شاری کەرکووك پەیمانیان داوە کە هاوکاریمان بکەن لەداهاتوودا بەتایبەتی کاك رزگار عەلی.**

**پ: لەسەردانی ئەمساڵتاندا سەردانی شاری کەرکوتان کرد پێتانوایە پارتە کوردییەکان وەك پێویست ئاوڕیان لەم شارە کوردستانییە داوەتەوە؟**

**شۆڕش قادر: شاری کەرکوك چەندەها ساڵە هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ نەکراوە بەڵکو هەر وێران کراوە، کەرکوك بەدووسێ ساڵ دروست نابێتەوە هەتا ئێستاش بەپێی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە بەتایبەتی ناوچە گەڕەکە کورد نیشینەکان.**

**کەرکوك دەوڵەمەندترین شاری جیهانە و لەناو بازاڕدا ئاوەڕۆ بەسەر شەقامەکاندا ڕێدەکات.**